کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

24-2-2007 17:53 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پەیامێکی گرنگ بۆ شاناز ئیراهیم ئەحمەد و دەورو بەری!!!!! ... جوامێر رەشید زەنگەنە

ئێمە جاك دەزانین دەیان نامە و پەیامت بۆ بنێرین، دەیان راسپاردەی راستەو خۆ و نهێنی لە بەریتانیا و ئەوروپا و کوردستانەوە بلاوبکرێتەوە، تۆزقالێك لە ویژدانت نابزوێنێ و خۆت ناکەی بە خاوەنی. ئەویش زۆر بە سادەیی لە بەر ئەوەی ئەو پۆستەی کە وەرتگرتووە بە میرات لە دکتۆر لەتیفی مێردتەوە، لە مەراسیمێکی پادشایانەدا ( (لە مێردەو بۆ ژن) ) لە سەر سینی یەکی ئالتونی ناتەوێ هەر وا بە ئاسانی لەدەستت بچێ، ئەگەر ی.ن.ك ئەوندەی تر دوژمنی بۆ پەیدا بێت.

هەر لە دوای رووخانی رژێمی سەدام، دکتۆر لەتیف رشید ( (مێردی جەنابت) ) کرا بە وەزیر لە بەغدا، خۆت بوویتە شۆرەسواری مەیدان، یەکەم گورزت ئاراستەی کادیرە دلسۆز و بە ئەمەکەکانی یەکێتی کرد، ناهەقیشت نەبوو، ئاخر ئەو کادیرانە زۆر زمان درێژ بوون، بۆ پارێزگاری لە شوێنەکەی خۆت هەر زوو ئەم تاوانەت خستە ئەستۆی دکتۆر فواد مەعسوم.

شاناز خان. . خۆزگە تۆش وەکو ئێمە درکت بەوە بکردایە کە ئەم دەستکەوتە کەمەی میللەتەکەمان بە دەستی هێناوە، بەری رەنج وماندووبوونی ئەو پێشمەرگە گیان لە سەر دەستانە بوو کە ژیانی سەختی شاخیان هەڵبژارد و لە رژێمی بەعس و دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی ئەو سەردەمە یاخی بوون و چەکی شەرەفیان کردە شان، بەری رەنج و ماندووبونی ئەو قارەمانانە بو کە بەشێك لە ئەندامانی لەشیان لە دەستدا لە زیندانەکانی بەعس و مەیدانەکانی شەرو پێکداداندا، بەری رەنج و ماندووبونی ئەو دایك و باوك، خوشك، برا، ژن، منداڵانە بوو کە ساڵەها لە زیندانەکانی ئەبوغرێب و فەزیلیە ژیانی دیلییان سەربەرزانە بە سەر ئەبرد.

لە سەرووی هەموویانەوە، ئەم دەستکەوتانە بەرئەنجامی خوێنی شەهیدە سەربەرز و هەمیشە زیندووەکانمان، ئەو شەهیدانەی کە لە سەر تەوێڵی مەرگ نوسیان ( (نەسرەوتن تا سەرکەوتن) ) .

ئەم دەستکەوتانەی بەرێزتان تیایدا زۆر سوودمەند بوون، بەری رەنج و خوێنی شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفالە، ئەنجامی خوێنی بە ناهەق رژاوی سەدان جوتیاری بێ تاوانە.

خوشکە شاناز. . لە ساڵەکانی هەشتاکان کە پێشمەرگە بوین و درمان بە شەوەزەنگی داگیرکردن و ماڵوێرانی ئەدا، رۆژانە لە جیا و ناو دۆڵەکان خۆمان حەشار ئەدا، دەمەو ئێوارە دوو دوو. . مەسافە. . مەسافە. خۆمان دەخزانە ناو گوندەکانەوە، ئەوەندە خۆشەویست بووین هەر لە دوورەوە منداڵەکانی گوند بە سروود ووتنەوە بەرەو پیرمان ئەهاتن، ئاخر ئەیانزانی ئێمەش ئەوانمان زۆر خۆش دەوێ، خەڵکی ئاوایی لە سەربان و کۆڵانەکان و لە بەردەم تاقەدووکانەکەی گوندەکەوە سەرسامی ئەو دیمەنە دڵگیرە دەبون کە رۆڵە و براکانیان دەبینی بە جلوبەرگی خاکی و تاقم وتفەنگەوە بە شێوەیەکی جوان بەرەو گەندەکەیان دێن. هەر کە ئێوارەێ دەهات لە مزگەوتی گوند کۆبوونەوە دادەمەزرا لە سەر بابەتێکی تیۆری پاشان گوێمان دەدایە هەواڵەکانی دەنگی ئەمەریکا و لەندەن و مۆنتیکارلۆ، بەیانی زووش پێش نوێژی بەیانی ماڵئاواییمان دەکرد و دەچوینەوە بۆ بنکە نهێنی یەکانی خۆمان.

کەچی شاناز خان و هاوەڵەکانی ئەیانەوێ بە نووکە قەڵەمێکی زەلیلی گەندەڵ پەراوێزمان بکەن و لە خەبات و تێکۆشان دامانبڕن،

لای هەمومان ئاشکرایە کە رەورەوەی خەبات و تێکۆشان لە گەڕدایە، نە کورد ئاسودەیە و نە کوردستانیش رزگاری بووە، نە گوندەکانمان ئاوەدانکراوەتەوە و نە گەنجەکانمان سەرگەرمی کار و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خزمەتن، زۆر کەم بۆ ئەم میلەتە کراوە، ئەگەر دز و گەندەڵەکانی سەدەی بیست و یەك ڕێگە بدەن ووزەی شاراوەی ئامادە هەیە بۆ هەڵگرتنی ئەو بارە گرانە.
بەم پەیامە شاناز و دەست و پێوەندەکانی ئاگادار ئەکەینەوە کە ئێمە ئاگاداری هەندێ لە پەیوەندییە بازرگانییەکانین کە لە نیوان ( (شاناز و هاوار حاجی) ) و چەند کۆمپانیایەکی بیانیدا کراوە، بە ناوی مەکتەبی یەکێتی یەوە، هەروەها ڕێژەی قازانج کە وەکو نسبە (ڕێژە) ) بۆ خۆیان وەرگیراوە دەزانین، بۆیە ئێمە بە نیازین لە ئایندەیەکی نزیکدا و لە ڕێگەی پارێزەرەوە ڕووبەڕووی دادگای بەریتانی دەبینەوە و داوای کەشفی حیسابی بانقی ئەم خانمە بەڕێزە دەکەین هەر لە ساڵی 1995 -2007 وەداوای لێکۆڵینەوە دەکەین لەو برە پارەیەی کە چەند ملیونێك دەبێ تا هەموو کورد بزانێ چۆن پەیدا کراوە.
هەروەها لێکۆڵینەوەی وورد ئەکەین لە
1- چۆنییەتی دروست بوونی ڕێکخراوی مناڵپاریزانی کوردستان کە ئۆفیسە سەرەکییەکەی لە بەریتانیایە. کە ئەم خانمە جگە لە کاری مەکتەبی ی. ن. ك و ڕێکخستن کاری بەڕێوەبردنی ئەم ڕێکخراوەشی لە ئەستۆ گرتووە. تا ئێستا کۆبوونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەریان نەکردوە،
2- پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام سعودیە و کویت بڕێك پارەیان بەخشیە یەکێتی، پارەکە چووە سەر حیسابی دکتۆر لەتیف، پاش ماوەیەکی زۆر ئەو پارەیە گەیشتەدەست یەکێتی، بەڵام قازانجێکی باش گەڕایەوە سەر حیسابی لەتیف – شاناز. ئەمانەو چەندین بابەتی تر کە پەیوەندی بە خانوو و سەروەتی ئەم بنەماڵەیەوە هەیە. . . .
هەروەها بە هاوکاری یەکێك لە سایتە کوردی یەکانی سەر ئەنتەرنێت وهەوڵ ئەدەین ڕاپرسیەك ساز بکەین کە ئاخۆ ئەندامانی ی. ن. ك لە بەریتانیا و ئەورووپا پێیان باشە شاناز ئیبراهیم ئەحمەد بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەو بەرپرسی ڕێکخستن بێت؟
ئەو کاتە بیرو بۆچونەکانمان بۆ ڕای گشتی و ئەندامانی بەڕێزی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاشکرا دەبێت. .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.